# ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی، شاعیری لەبیرکراوی کورد

شەریف فەلاح

ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی (١٢٦٤ - ١٣٣٦)ی هەتاوی سیمایەکی ناسراوی ئەدەبی، ڕۆشنبیری و سیاسیی دەورەی مەشرووتەی ئێران بووە، دواتر بووەتە ئەندامی حیزبی توودە و چووەتە ناو هێزی نیزامییەوە و پلەی سەربازیی سەرگوردیی پێ دراوە، لە سەردەمی ڕەزاشادا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووە، بەڵام توانیویەتی هەڵبێت و پەنا بەرێتە بەر یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ ماوەیەک پۆستی وەزیری فەرهەنگ و هونەری تاجیکستانی سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتی لە ئەستۆ بووە و لەو ناوچەیە ڕەوتی شانۆی "ئۆپێرا"ی بنیاد ناوە و لەناو کۆمەڵەی نوونی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤیەتدا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە و بۆ ماوەیەک لەناو لیژنەی بەڕێوەبەریی نووسەرانی ئەو وڵاتەدا جێگری مەکسیم گۆرکی نووسەری گەورەی ڕووس بووە.

لاهووتی هەتا کۆتایی ژیانی نەگەڕایەوە ئێران و هەر ئەو خۆشەویستییەی وای لێ کرد کاتێک لە ساڵی ١٣٣٦ لە تەمەنی ٧٢ ساڵی لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد، بە ڕێز و حورمەتەوە لە گۆڕەستانی "نۆڤۆدویچی"ی مۆسکۆ و لە ڕیزی گەورە نووسەر و سیاسەتمەدارانی یەکێتیی سۆڤیەت وەک: گۆگۆڵ، خرۆچۆف، ئەنتوان چێخەف، تۆپۆلۆف و...تاد بنێژرێ.

لە سەردەمی لاوێتیدا لە کرماشان بە هاوکاریی چەند کەسێکی تر "ڕۆژنامەی بیستوون"ی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لاهووتی شاعیرێکی ناسراو و خاوەن دیوانی فارسییە و بە یەکێک لە گرنگ و جددیترین شاعیرانی نوێخوازی ئێران و چینی کرێکاری ئێران و تاجیکستان دەژمێررێت، ئەبولقاسم لاهووتی لە ئێراندا بە یەکەم



**ئەبولقاسم لاهووتی**

پێشرەوی نوێکردنەوەی شیعری فارسی دادەنرێت و یەکەم شاعیری پرۆلیتاریای ئێرانە. لاهووتی لە ئازادکردنی شیعری فارسی لە کۆتوبەندی کێش و سەروا لە ئاستی ئێراندا شوێن پەنجەی دیارە، هەروەک شەمس لەنگروودی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نووسیویەتی: "یەکەم شیعری نوێ لە ئێران ئەبولقاسم لاهووتی لە ساڵی ١٢٨٨ی هەتاوی نووسیویەتی، هەرچەند زۆر کەس ئەم پێشەنگییە بۆ تەقی ڕەفعەت دەگەڕێننەوە"، لاهووتی دەیتوانی لە بواری پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری فارسیدا بەر لە نیما یووشیج شۆڕشێک وەڕێ بخات، بەڵام بەداخەوە شیعری کردە قوربانیی سیاسەت، چونکە بەهۆی تێکەڵاوبوونی بە سیاسەت و بیری چەپ کەمتر توانی لەم بارەوە خۆی دەربخات و کەمتریش لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە و هۆی قەدەغەبوونی بەرهەمەکانی لە ئێران لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا هۆیەکی دیکەی ئەو لەبیر کردنەیەتی. لاهووتی هاوشانی عارف قەزوینی، میرزادە عەشقی، ئیرەج میرزا، فەرۆخی یەزدی و ئالاهەڵگرانی دیکەی بزووتنەوەی مەشرووتە لەگەڵ شیعری بێرۆحمی سیاسیدا گرێی خواردووە و شیعری کلاسیکیان لە چەق و کۆت و بەندی دەربار و غەزەلی عەشقێنی و پێداهەڵگوتن دەرباز کرد و ناسنامەیەکی دیکەیان پێ بەخشی و کشاندیانە ناو خەباتی ئەندێشمەندانە کە سەرەنجام شیعری نوێ لە ئەدەبی هاوچەرخی ئێران بەناوی "نیما یۆشیج"ەوە ناوبانگی دەرکرد.

زمانی شیعریی لاهووتی زمانێکی سادە و ڕەوان و خەڵکی بووە و لە فۆرمی غەزەل، تەرکیب بەنددا شیعری بەرزی فارسیی داناوە و ئەم بەرهەمانەی لێ بەجێ ماوە: ١- کاوە ئاسنگەر (١٩٤٧) ٢- قەسیدەی کیرملین (١٩٢٣) ٣- تاج و ئاڵا (١٩٣٥) ٤- کۆمەڵە شیعر(١٩٦٠- ١٣٦٣).

ئەگەرچی شیعرە فارسییەکانی لاهووتی چەندان جار لە ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت بڵاو کراونەتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی توندی بەرانبەر بە دەرەبەگ، سەرمایەدار، شا، مەلا، شێخ و ئایین، بێجگە لە هەندێک برگەی مێژوویی نەبێت، بە ئازادی لە ناوخۆی ئێران لەبەر دەستی خوێنەراندا نەبووە.

ئەبولقاسم لاهووتی، ساڵی ١٢٦٤ی هەتاوی (١٨٨٥ی زایینی) لە شاری کرماشان لەدایکبووە، دایکی لە هۆزی "سنجاوی" بووە و باپیرانی باوکی، خەڵکی باشووری ئێران بوون، باوکی لاهووتی "میرزا ئەحمەد ئیلهامی" شاعیر بووە و دوو کۆمەڵە شیعری لە کرماشان و تاران چاپ کراون. لە بنەماڵەیەکی هەژار و ئازادیخواز چاوی بە ژین هەڵێناوە و باوکی پینەدۆز بووە، هەرچەند نەختێک خوێندەواریی هەبووە، بەڵام شیعری ئایینی و مەزهەبیی داناوە. لاهووتی لە داوێنی وەها بنەماڵەیەکدا گەورە بووە و لە سەردەمی لاوێتیدا هۆگری شیعری ئایینی و دەروێشی بووە و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بە یارمەتیی باوکی و هەڤاڵانی بۆ درێژەدانی خوێندن ڕۆیشتووەتە تاران و پەرەسەندنی بزووتنەوەی مەشرووتە و گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچە و جیهان لەسەر ژیان و فیکری لاهووتی کاریگەریی بەرچاویان دانا و هەر بەم بۆنەوە بیری مەزهەبیی وەلا ناوە و ڕووی کردە ڕەهەندی مەشرووتەخوازی و بیری چەپ.

هەرچەند هەندێک بەڵگە لەبەردەستدان کە لاهووتی تەنیا شیعری فارسی نووسیبێت، بەڵام نووسەر و لێکۆڵەری گەورەی کورد "محەمەد عەلی سوڵتانی" لە بەرگی سێیەمی کتێبی "حەدیقەی سوڵتانی"دا نووسیویەتی لاهووتی لە سەردەمی مێردمنداڵیدا شیعری هەجوو و تەنزی کوردی بۆ هاوگەڕەکەکانی لە کاتی شەڕە



**گڵکۆی ئەبولقاسم لاهووتی لە مۆسکۆ**

گەڕەکدا خوێندووەتەوە. دواتر لاسایی شیعری ئایینی – حەیرانعەلیشای کردووەتەوە، پاشان لە قۆناغی لاوێتیدا سەردانی سلێمانی، کەرکووک و ئیستەمبوڵی کردووە و لەوێ ژیاوە و هاتوچۆی لای شێخ مەحموودی نەمری کردووە، کە ئەودەم لە بەندیخانەی بریتانیاییەکاندا یەخسیر کرابوو، چۆن دەکرێت و دەگونجێت بە کوردی شیعری نەنوسیبێت.

تا ئێستا بە هەوڵ و تەقەللای توێژەر و دڵسۆزانی ئەدەب و مێژووی کورد وەک: محەمەدی مەلا کەریم، حەسەن قازی، ئەنوەر سوڵتانی و محەمەد عەلی سوڵتانی، سێ پارچە شیعری لاهووتی کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، دۆزراونەتەوە و لە گۆڤار و ماڵپەڕە کوردییەکاندا چاپ کراون.

١- پارچە شیعری یەکەم لە ژمارە ٢٥ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری "ژین"دا بڵاو کراوەتەوە، واتە هی ئەو بڕگەیەی ژیانی لاهووتییە کە لە ئیستەمبوڵ ژیاوە کە دەکاتە دەوروبەری ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ی زایینی.

٢- پارچە شیعری دووەم مامۆستا مەحەمەد عەلی سوڵتانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاوی کردووەتەوە کە ڕێکەوتی نووسینی بۆ دیاری نەکراوە.

٣- پارچە شیعری سێیەم لە ژمارە ٢٣ی گۆڤاری ژین چاپی ١٩١٩/٨/٢٨ی ئیستەمبوڵدا بڵاو کراوەتەوە.

دیارە بەهۆی مێژووی ژیانی سیاسی و فیکری لاهووتی، لە ئەندێشە و نووسین و شیعرەکانیدا خاوەن بیرۆکەیەکی توندوتۆڵی ئێرانگەرێتی و لایەنگری پاراستنی یەکڕیزی و یەکپارچەیی گەلانی ئێران بووە و هەر هەنگاوێکی گەلانی ئێرانی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی، بە پیلانی ئیمپریالیزمی زانیوە کە ئەو سەردەمە دروشم بووە و لاهووتی لە هەر دوو پارچە شیعرەکەیدا کە لە گۆڤاری ژین بڵاو کراونەتەوە، بانگی کورد دەکات لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران یەک بگرن و فریوی بێگانان نەخۆن، بە وتەی ئەو کە گوایە دەیانەوێ لە بەژنی "وڵاتی دایک" جیایان بکەنەوە و بیری ناسیۆنالیستیی گەلانی ئێرانی بە هەوڵێکی بچووک دادەنا و هەڵبژاردنی سەردێڕی ئەم شیعرەش هەر لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

**لەبەر ڕۆحی کوردە بچووکەکان ***
**خەڵقی کورد بۆ کەسبی شەرەف حازری جەنگە**
**ئەی میللەت کورد! هەڵسە، کە ئەم نووستنە نەنگە**
**فەرموویە نەبی: حوبی وەتەن مایەی دینە**
**مونکیر بە خودا، کافر و مەلعوون و مەلەنگە**
**هەر قەومێ کە ئەسڵ و نەسەبی خۆی نەزانێت**
**ڕووی ڕەوشەنی ئەڵبەتە سا وەک شەوەزەنگە**
**هەم تەنبەڵی و هەم عیزەت و ئیقباڵ!**
**ئەم کارە کحاڵاتە و ئەم قافییە، لەنگە**
**کوردان کە هەموویان"مەدی" و ئەسڵی کیانن**
**لەم فیکرە چلۆن غەفڵەتیان کرد، ئەمە "ڕەنگە"**
**ئەی کوردی بچووکان! هەموو تاریخ بخوانن**
**تا بابی خۆتان زوو بشناسن، کە درەنگە**
**خەسمی لەگەڵ خاکی وەتەن زیللەت و نەنگە**
**هەرکەس کە دەڵێ کورد لە ئێران لێ جیابوو،**
**یا خائینی کوردانە، وەیا شێت و جەفەنگە**
**کرمانج، ئەدی ئیلحاق بە ئێران بکەی ئاخر**
**دەست وەقتێ کە مولحەق وەتەن خوە بوو، قەشەنگە**
**ئەسڵی مەد و ساسانی و بیگانە لە ئێران!**
**ئەم مەسئەلە کەیفیەتی ئایینە و سەنگە**
**ڕێگەی تەرەب و مەیکەدە لاهووتی دەزانێت**
**ئەمما لە فیراقی وەتەنی حەوسەڵە تەنگە**

*** : منداڵان: لاهووتی ئەم شیعرەی بۆ منداڵانی کورد نووسیوە**

**سەرچاوە:**
**١- وتارێکی بەڕێز ئەنوەر سوڵتانی، لێکۆڵەری کورد.**
**٢- ژمارە ٢٣ی گۆڤاری ژین، چاپی ١٩١٩/٨/٢٨ لە ئیستەمبوڵ.**
**٢- ئینتەرنێت.**